# شیعر و ئەدەبیاتی ئایینی یارسان
# لە ۹۰۱ز بۆ ۱٦۰۰ز

ئەدەبی ئایینی یارسان بە بەردی بناخەی ئەدەبی ڕەنگینی کوردی دادەنرێت، ئەو ئەدەبە بیروباوەڕ و شێوەیەکی سۆفیزمی وەرگرتبوو، بیروباوەڕی یارسان بایەخێکی تایبەت و لە ڕادەبەدەری بە (عەلی کوڕی ئەبوو تالیب) دەدا، ڕەزای خوای لێبێت. پێیانوابووە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب لەش و جەستەکەی ئادەمیزادە، بە گیانیش پەیوەست بووە بە خواوە.

سەرچاوەی بیروباوەڕ و فەلسەفەی یارسان سوودی لە فەلسەفەی میترابیزم و زەردەشتی و هیندۆسی وەرگرتووە. هەروەها سوود وەرگرتن لە ئایینی مەسیحییەت بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە چۆنیەتی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوای لەسەر بێت. زۆربەی کورد لەسەر ئەو ئایینە بوون، زمانی ڕەسمی ئایینەکە زمانی کوردی بووە. واتا زمانی ئایینەکە زمانی نەتەوەیی کورد بووە، پێشەوایانی ئایینی یارسان ناویان کوردی بوو، جگە لە عەلی نەبێت، جوگرافیایان کوردستان و لوڕستان بووە.

# ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی یارسانەکان لە شیعرەکانیاندا

بیروباوەڕی یارسان لەسەر بنچینەی دۆنا دۆن دروستبووە، بەمجۆرە لای یارسانەکان هێزی دروستکەر(گیان) لە ئاسمان دەبێت، (لەش) لە زەوی دەبێت، بەلایانەوە کردگار لە بنجدا گیانێکە، بەڵام دەچێتە ناو لەشی جۆراوجۆرەوە و خۆی لە قاڵبی جیاواز پیشان دەدات. ئایینی یارسان تەنیا خەریکی هێزی چاکە نەبووە، ئەویش وەک هەموو ئایینەکانی تر بیروڕای تایبەتی هەبووە لەبارەی هێزی خراپەوە، بەمجۆرە ئەوانیش بابەت و شتێکی وەک شەیتانی موسوڵمانان و ئەهریمەنی زەردەشتییان و ئیبلیسی ئایینەکانی تریان هەبووە.

بەڵام بیروڕایان بەرامبەر بەم هێزە لەگەڵ بیروباوەڕی ئاییینەکانی تر یەکتری ناگرنەوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە (مەلەک تاووس) کەسێکی خێرخواز و باشە، چونکە ئەوانەی فەرمانی خودا بەجێناهێنن و مرۆڤی خراپن دەدرێنە دەست مەلەک تاووس بۆ ئەوەی تەنبێیان بکات و سزایان بدات، بەم کردەوەیەی دەبێتە مایەی شەڕ بۆ خراپەکاران، هەر لەو کاتەدا وێنە و دروشمی چاکە دەنوێنێت و چاکە بەرقەراردەبێت.

# کتێبی سەرەنجام

شیعری ئایینی یارسان وەک هەموو ئەدەبی ئایینی بە درێژایی ڕۆژگار دروستبووە و لە پاشاندا کۆکراوەتەوە، گەلێکجار خاوەنی شیعرەکان ناناسرێنەوە، بەڵام بەرگێکی ئایینی لەبەر شیعر و ئەدەبیاتەکەیان دەکەن و دەیخەنە پاڵ کردگار و فریشتە و پیاوچاک و پیرەکانیانەوە، بەمشێوەیە لە هەر ناوچەیەک کۆمەڵێک شیعر پەیدابووە، یان کۆمەڵە شیعری شاعیرێک کۆکراوەتەوە، ئیتر بە ناوی ناوچەکە، یان سەردەم و ڕۆژگارەکە، یاخود خاوەنەکەیەوە بوونیان هەبووە. بە دەستنووسی کۆمەڵە شیعرەکان دەڵێن: (دەفتەر)، بە خودی شیعرەکەش دەڵێن:(کەلام).

کتێبی سەرەنجام یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی ئایینی یارسان، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (مینۆرسکی) لە ساڵی ١٩٠٢ دەستنووسێکی ئەم کتێبەی دۆزیبۆوە، دەستنووسەکە لە ساڵی ١٨٤٣ نووسرابۆوە، بریتی بووە لە مێژووی ئاییني یارسان، کتێبەکە بەشێکی زۆری بە زمانی فارسی بووە، لە هەمانکاتدا هەندێک شیعر و پەخشانیشی تێدابووە بە زمانی کوردی دیالێکتی گۆران. (ماشەڵڵا سووری) کتێبی سەرەنجامی ناوناوە (سروودی ئاییني یارسان)، کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێک سروود و گۆرانی ئاییني، ئەم کتێبە بە پەخشان دەستپێدەکات و بە شیعر کۆتایی دێت.

به دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی نووسراوە، لێکۆڵەرەکان لەو باوەڕەدان کە خەڵکی ساکار ئەو توانایەیان نییە لە واتاکانی تێبگەن. کتێبی سەرەنجام، یان سروودی ئایینی یارسان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی پەخشان، بەشی دووەمیشی شیعرە. پەخشانەکان لە چەندین پارچەی ئەدەبیی پێکهاتوون، سەرەتای پارچە پەخشانەکان بە دروستبوونی گەردوون دەستپێدەکات، خوو و ڕەوشت و داب و نەریتی یارسانەکان دەخاتەڕوو، هەرچی سروودە شیعرییەکانیشە لە (١٠) پارچە پێکدێن.

# قۆناخەکانی ئەدەبی ئایینی یارسان

گەورە و پیری یارسانەکان خاوەن بیروباوەڕ و خوێندەوار بوون، بە زمانی کوردی بیریان دەکردەوە، بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد و دەیاننووسی، بیروڕا و فەلسەفەی ئایینەکەیان بە شیعر دەردەبڕی، لە قاڵبی شیعری میللی و فۆلکلۆری نەدەچوونە دەرەوە، هەر ئەو قاڵبەشیان بەکاردەهێنا بۆ مەبەستی دەربڕینی هەست و نەستی دەروونیان و دەستووری ئایینەکەیان. بێگومان ئەم پیرانەی ئایینی یارسان بەم بەرهەمانە دەبن بە شاعیر، خۆیان و شیعریان دەچنە نێو مێژووی ئەدەبی نەتەوەی کوردەوە. ئەدەبیاتی یارسان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکرێت

قۆناغی یەکەم / ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی دەیەم هەتا دوازدەهەم، بریتییە لەو لەو بەرهەمە ئەدەبییە/ئایینییە کە لە دەفتەر و نامەکان پارێزراون کە بە ناوی دەورەی باللوول، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی شا خۆشین، دەورەی بابا ناوس تۆمارکراون، کە لە کتێبی سەرەنجام تۆمارکراون. یارسانەکان لەو باوەڕەن کە لە سەردەمی ئیسلامدا لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، باللوولی دانا کە لە ٨٠٦ز کۆچیدواییکردووە، یەکەمین کەس بووە کە ئایینی یارسانی لە هەورامان تازەکردۆتەوە، هتندێ شیعری کوردیشیان بە ناوی ئەوەوە لە بڵاوکراوەی دەوری باللوول نووسیوەتەوە.

قۆناغی دووەم / ئەدەبیاتی ئایینی یارسان لە سەدەکانی سێزدەهەم هەتا پازدەهەم دەگرێتەوە، بریتییە لە گرنگترین دەورەی تازەکردنەوەی ئایینی یارسان کە لەسەر دەستی سوڵتان سەهاک بووە. ئەو شیعرانەی سوڵتان سەهاک و یارانی دایانناوە هونەرێکی سەرکەوتووە لووتکەی ئەدەبیاتی یارسانە. جگە لە سەرەنجام لە ڕۆژگارانی ژیانی سوڵتان سەهاک گەلێک کتێب و بەرهەمی تر بوونیان هەبووە، لەوانە دەفتەری پردیوەری کە دەفتەری دیوانە گەورەشی پێدەڵێن، دەفتەری ساوا، دەفتەری ڕامیار، دەفتەری زولال زولال، دەفتەری گەواهی غوڵامان، دەفتەری شندرویێ، دەفتەری عابیدینی جاف و هی تریش...

قۆناغی سێیەم / ئەدەبیاتی ئایینی یارسان دەگرێتەوە لە سەدەی شازدەهەم هەتا بیستەم، ئەمە دووبارەکردنەوەی دەورەی سوڵتان سەهاکە، لە پاشانیش بزووتنەوەی شیعری ئایینی یارسان تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، بەرهەمە هەرە گرنگەکانیان ئەم دەورە و کەلام و دەفتەر و دیوانانەن، لەوانە دەورەی ئاتەش بەگی، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی چل تەن، دەورەی حەیدەری یان سید براکە، دەورەی هەیاس، دەورەی هەفتەوانە، کەلامی ئەلماس خان، دیوانی دەروێش قولیی کرندی، دیوانی زولفەقار، دیوانی سەید یەعقوبی ماهی دەشتی، دیوانی شا تەیمووری بانی یارانی، دیوانی قاسید، کەلامی شێخ ئەمیر، کەلامی نەورۆز...

**شیعر و ئەدەبیاتی ئایینی یارسان بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی، کۆنترین شیعری پێوتراوە و تەنیا زمانی ئایینی یارسانەکان نەبووە، بەڵکو زمانی شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەی کوردە لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا، ئێستاشی لەگەڵ دابێت لەو ناوچە جوگرافیانەی کوردستان بەردەوامی هەیە و خەڵکەکە بەو دیالێکتە دەئاخڤن و کەمتر دەنووسن.**